لیستی یەکگرتوو ٣١٥

# بەڵێ بۆ ئاشتی و سەقامگیری. نا بۆ تیرۆر و تۆقاندن


یەکگرتوو
www.yakgrtu.org

ژمارە (٧٨٠) پێنج شەممە
٢٠١٠/٣/٤ ز
١٣ی (رەشەمێ)ی ٢٧٠٩ی کوردی
١٨ی (ربیع الاول)ی ١٤٣١هـ
ساڵی پانزەهەم

4- Mar. -2010 -
No. (780)
fifteenth Year
Kurdistan - Iraq

نرخی (٥٠٠) دیناره


## بەرپرسی مەکتەبی سیاسی جەختی لەسەر دەکاتەوە

# پێشبینی و راپرسییەکان دەریدەخەن کە یەکگرتوو موفاجەئەی ئەمجارەی هەڵبژاردنە

بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی لیستی یەکگرتوو:

لە سێ هەفتەی رابردوودا بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و ئەو دەرهاویشتانەی لێی کەوتەوە، هاوکات هەڵسەنگاندنی هەڵمەتی بانگەشەی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ یەکگرتوو بەڕێز (د. هادی عەلی) بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو وتی: "هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەو ماوەی رابردوودا بە ململانێیەکی گەرموگوڕ بەخۆیەوە بینی، ئەگەرچی لێرەولەوێ چەندین خروقات و پێشێلکاری هەبوو لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە بەرامبەر لیستەکانی تر بەتایبەت بەرامبەر لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو، ئومێد دەکەین لەم دوو سێ رۆژەی کە ماوە بە هەمان شێوەی گەرموگوڕی و باشتریش بەڕێوە بڕوات و رۆژی دەنگدان بەشێوەیەك بێت کە پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بێت و ببێتە مایەی سەروەری بۆ هەرێم و ئەزموونە سیاسییەکەمان بەگشتی، هەموومان خۆمان بە سەرکەوتوو بزانین و دووربێت لە هەر جۆرە توندوتیژی و تەزویرێك کە بەداخەوە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا قسەی زۆری لەسەر کراوە" ئومێدیشی خواست رێوشوێن و یاساکانی کۆمسیۆن ئیلتیزامی پێوە بکرێت، دەربارەی لیستی یەکگرتووش وتی: "بانگەشەیەکی زۆر گەرم و گوڕمان ئەنجامدا، هەموو رێکخستنەکانی یەکگرتوو لە سەرجەم ناوچەکاندا بە خوشکان و برایانەوە لە هەموو ئاستەکاندا بەشەوق و پەرۆشییەکی زۆرباش و هیممەتێکی بەرز و متمانە بەخۆبوونێکی زۆرەوە بە جەماوەر بەشدارییان کرد، ئەمەش کاریگەرییەکی باشی لەسەر جەماوەر دروست کرد، دەستخۆشییان لێ دەکەین".



دوور لە بانگەشەی هەڵبژاردن، یەکگرتوو یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) بەرز رادەگرێت

رایشیگەیاند: "متمانەی جەماوەر لە سەرجەم ناوچەکاندا بە کاندیدەکانی یەکگرتوو لە ئاستێکی زۆرباش دایە، هەموو ئەو راپرسیانەی کە خۆمان کردوومانە، یان دەزگا و دامەزراوە بێلایەنەکانی تر ئەنجامیانداوە ئاماژە بە تۆمارکردنی موفاجەئە دەکات لەلایەن یەکگرتووەوە، وەك جەماوەر و سەرکردایەتی یەکگرتووش چاوەڕێی سەرکەوتنی گەورەین بۆ لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو". (د. هادی عەلی) داواشی کرد کە متمانەی جەماوەر بۆ یەکگرتوو بێت کە باشترین داکۆکیکارە لە مافەکانیان و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان)، دەربارەی دەنگدانی تایبەتیش بەرپرسی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو لە پەیامێکیدا وتی: "داوادەکەین لە کارمەندانی ئەو دەزگایانەی لە رۆژی دەنگدانی تایبەتی دەنگ دەدەن، بەتایبەت پیاوانی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی و پێشمەرگە، بەرۆحێکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانە و بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا بکەن و خۆیان نەبەستنەوە بە حیزبێکی تایبەتەوە، بەڵکو دەنگ بۆ ئەو لایەنانە بدەن کە قەناعەتیان پێی هەیە و دەزانن خزمەتیان پێ دەکرێت، ئەمە فرسەتێکی باشە تا لە قۆناغی بەحیزبیبوون دەرچن و بچنە قۆناغێك کە هێزی نیشتمانی بن و بەدامەزراوەی بکرێت نەك سەر بە حیزبێك بن".

داواشی لێ کردن کە دەنگ بدەن بە لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو، وتی: "ئەو بەڵێنەیان پێ دەدەین کە کاری جدی بکەین بۆ ئەوی ئەو هێزانەی ببن بە هێزی نیشتمانی و نەتەوەیی و دەرباز ببن لە بازنەی حیزبی و پارچەبوون لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا".

بەڕێزی بۆ رۆژی دەنگدان لە (٣/٧)دا وتی: "داوا لە هەموو ئەو کارمەندانەی سەر بە کۆمسیۆن دەکەین لە ناوەند و بنکەکانی دەنگدان کە بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ دەنگدەراندا بکەن و بە بەرپرسیارێتییەوە و ویژدانی خۆیان ئاسودە بکەن و حیساب بۆ ئەو چاودێرییە نێو دەوڵەتی و ناوخۆییە بکەن کە لەسەر پرۆسەکە هەیە و، رێگە بە هیچ تەزویر و ساختەکاریەك نەدەن". بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو داواشی لە جەماوەر و خەڵکی کوردستان کرد بە گەرموگوڕی بەشداریی دەنگدان بکەن، چونکە دەنگیان ئەمانەتە و بەدەنگی ئەوان گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی و نوێنەرایەتی کردنی میللەتدا دروست دەبێت و هاوکات ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی راستەقینە، وتیشی: "لیستەکەمان لە هەموو لیستەکانی تر زیاتر و کاندیدەکانمان لە هەموو کاندیەکانی تر زیاتر لە ئاستێکی زۆر باڵادا لەجێی ئەوەدان کە جەماوەر متمانەیان پێ بدات، هیچ لایەنێك ناتوانێت وەك ئێمە بەرگری بکات لە مافە نەتەوەییەکان، لە ماوەی چوار ساڵی رابردووشدا هەڵوێستەکانی کوتلەی یەکگرتوو بەڵگەی ئەو راستیەن".

داواشی کرد کە ترس و تۆقاندن جەماوەر نەترسێنێت کە بەشێکە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی لایەنگرانی خۆیان لە لایەکەوە و، لەلایەکی ترەوە تا جەماوەر بێ ئومێد بکەن لە هەڵبژاردن و نەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

سەبارەت بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان چەند سەنتەر و دەزگایەکی راپرسی ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکگرتوو لەم هەڵبژاردنەدا موفاجەئە دەکات و ئەنجامی دیار بەدەست دێنێت.

## (٢١٥) ئەکادیمی و نوسەر و رۆشنبیر لە هەندەران پشتیوانی خۆیان بۆ لیستی (٣١٥) دەردەبڕن

لایەرە ٢



# ئێمە یەکەمجار داوامان کرد مووچەی پێشمەرگە بخرێتە ناو بودجەوە..

سامی ئەتروشی پەرلەمەنتار لە لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی بەغدا

# لە کاتێکدا خەڵک نەیدەوێرا لە کەیسی هەڵەبجەدا کار بکات. (بەکر حەمەسدیق) بووە پارێزەری هەڵەبجە

(٢٠١٠/٣/١) دەستەی پارێزەرانی کەیسی هەڵەبجە لە مۆنۆمێنتی یادگاری هەڵەبجە مژدەی ئەوەیان بە هاووڵاتیان ڕاگەیاند کە دادگای تەمیز لە بەغدا کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی وەك جینۆساید ناساند.

وێڕای خۆشحاڵی و پیرۆزبایی، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە (ئاراس عابد) لەوبارەوە بە یەکگرتووی ڕاگەیاند "گرنگ ئەوەیە پەلە بکرێت لە بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی هەڵەبجە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەڵەبجە و نەتەوەی کورد، ئەو دوو پارێزەرە بەڕێزە هەڵەبجەیان کردە مێژوو بۆ هەموو جیهان".

لە وەڵامی (ئایا پارێزەر بەکر حەمە سدیق وەك چۆن کەیسی هەڵەبجەی بردەوە، دەتوانێت لە بەغدا بەرگری لە دۆسیەکانی تری کوردستان بکات؟) ناوبراو وتی: "کاك بەکر وەسفی ناوێت، چونکە پێش هەڵبژاردنیش ئەو خۆبەخشانە لێبڕاوە، لە کاتێکدا کە خەڵکی تر نەیدەوێرا لەو کەیسەدا کاربکات، ئەو بووە پارێزەری کەیسەکە، هیوادارم هەر سەکەوتوو بێت".



# بەهێزیی یەکگرتوو بە قەڵسبوونی هەندێك کەس و لایەنەوە دیارە..

(حەمزە خەلیفە رەشید) کاندیدی ژمارە (١٩)ی یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی